# ئەو زەمینلەرزەیە چی بوو بەر گۆڕان کەوت؟ ئایا گۆڕان دەرفەتی هەڵسانەوەی هەیە؟[1]

بورهان أ. یاسین

٢٠٢١/١٠/١٨

---

## ناواخنی بابەت

پێشەکی ---------------------------------------------------------------- ٢-٣
زەمینلەرزە: ئەوە چی بوو لە ٢٠٢١/١٠/١٠ روویدا؟ ----------------- ٣-٤
هەڵسانەوە: دەرفەت و پێشمەرجەکان -------------------------------- ٤-٧
دەرەنجام ---------------------------------------------------------------- ٧-٨

[1] یەکێک لەو نوسراوە کورت و پوخت، بەڵام گرنگانەی، کە لەسەر پرسی هەڵسانەوەی گۆڕان نووسراون، هی د. سەردار عەزیزە بە ناوی " ڕامان لە هەستانەوەی گۆڕان"
بڕوانە ئەم پەیوەندییە: https://www.facebook.com/sardar.aziz.77/posts/4611466835576518 دەستگەیشتن ٢٠٢١/١٠/١٨

## پێشەکی

بەسەرهات و شکستی مێژوویی گۆڕان لە ١٠/١٠ تا رادەیەکی زۆر پێشبینی کراو بوو وە ئەو هاوپەیمانییەشی کە گۆڕان لەگەڵ یەکێتی کردی، لە باشترین حاڵەتدا، بۆ رێگری بوو لەم شکستە. بەڵام دەشکرێ هەر هاوپەیمانییەکە خۆی، وەک موفارەقە یا پاڕادۆکسێکی سیاسی یەکیک بووبێت لە هۆکارەکانی. بەش بە حاڵی خۆم پێشتر لە یادی سێ ساڵەی کۆچی دوایی رەوانشاد نەوشیروان مستەفادا (واتە لە ٢٠٢٠/٥/١٩) ئەو مەترسییەم بە راشکاوی خستە کە:

> ئەگەر هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بە پەلە و بە خواستێکی دڵسۆزانەوە بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکان نەجولێن، هەوا بە ئەگەری زۆر بزاڤی گۆڕان بەرەو دوو سیناریۆیە:
> ١) خواستێک هەیە بۆ "قوتدانی" گۆڕان لە لایەن یەکێتی نیشتمانییەوە، ئەم ئەگەرەش دەبێ بە جددی وەربگیرێت!
> ٢) سیناریۆیی دووەم ئەوەیە کە گۆڕان لە داهاتوودا بچووکببێتەوە (لە گەڵێشیا، یا راستتر بڵێم بە کاریگەری ئەم بچووکبوونەوەیە نەوشیروان و "ئیرسی" ئەویش بچووکببێتەوە) و ببێ بە بزووتنەوەیەکی "شەکەت، بریندار، بچوکتر، و . . . هتد."

دواتر، بوونیادنراو لەسەر ئەم نیگەرانییە پێشبینیکراوە، لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری پار پرۆژەیەکم دایە لایەنە پەیوەندیدارەکان (بە تایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان؛ ناڕازییەکان؛ واریسانی رەوانشاد نەوشیروان مستەفا)، کە بە داخەوە لە سەرەتای ئەم ساڵەدا پرۆژەکە بە بنبەست گەیشت.[2]

ئەم نووسراوەی بەردەست هەڵسەنگاندنێکی هەمە لایەنە و ورد و وەڵامێکی تێر و تەسەڵ نییە بۆ ئەو دوو پرسیارەی کە لە ناونیشانی ئەم نووسراوەمدا کردوومن، بەڵکو هەوڵێکی بە پەلەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی تیشک بخەمە سەر ئەم دوو پرسیارە، لە نووسینێکی سەرپێیدا. بە هەر حاڵ ئەم نووسینە بەشی ئەوە دەکات بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز، زۆر بە تایبەتیش ئەو گۆڕانخوازە خەمخۆرانەی کە چاوەڕوانیان هەیە بەندە شتێک دەربارەی ئەم دوو پرسیارە بڵێ، لە هێڵە گشتییەکاندا زانیبێتیان بۆچوونی من چییە!

---

[2] بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی بە بنبەستگەیشتنی پرۆژەکە تکایە بروانە ئەم راگەیاندراوە: "کاتێک زامدارەکان ناخوازن زامەکانیان ساڕێژ بکرێ."
http://burhanyassin.com/Katek%20Zamdarekan%208.pdf

## زەمینلەرزە: ئەوە چی بوو لە ٢٠٢١/١٠/١٠ روویدا؟

یەکێک لە دەرهاوێشتە هەرە سەرنج ڕاکێشەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ١٠ ئەم مانگە، ئەو شکستە بوو کە بەر بزاڤی گۆڕان.

سەرەتا گرنگە ئەوە جەخت بکەمەوە کە پێویستە ئەم شکستە وەک تەکان و زەمینلەرزەی سیاسی ببینرێ، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی دەخوازن ئەم رووداوە بکەن بە خاڵی لێوەدەرچوون بۆ هەڵسانەوەی گۆڕان. ئەم تەکان و زەمینلەرزەیەی کە بەر گۆڕان کەوت جگە لەوەی کە ئەوەی پشڕاست کردەوە کە گۆڕان ماوەیەکی زۆر بەر لە ١٠/١٠ بە دەست کۆمەڵێک کێشەی جددی و بنەڕەتییەوە ناڵاندوویەتی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا وە بە هەمان رادده دەرفەتێکی مێژوویی بۆ بەخۆدا چوونەوە کردەوە. . . ئەوەی روویدا شۆکێک بوو کە بۆتە هۆی وشیاربوونەوەی زۆرێک لە گۆڕانخوازان، لە راستیدا بزاڤی گۆڕان بە گشتی. نەک هەر ئەمە، بەڵکو ئەم وشیاربوونەوەیە بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لەو گۆڕانخوازانە بە هەموو ئاگاییانەوە دوو پرسیاری جددی بکەن:

١) ئەرێ بە راست ئەمە چی بوو روویدا؟؛

٢) پێویستە چی بکرێ بۆ هەڵسانەوە و کەوتنەوە سەرپێی بزاڤی گۆڕان؟

شتێکی هەرە ئەرێنی و پۆزەتیڤ کە هەر زوو روویدا بڕیاری دەست لەکار کێشانەوەی رێکخەری گشتی و خانەی راپەڕاندن بوو. بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم کە بەش بە حاڵی خۆم، هەر لە یەکەم چرکەساتی راگەیاندنی دەست لەکار کێشانەوە، لەو باوەڕەدا بووم کە گۆڕان، هەر زوو لەگەڵ راگەیاندنی ئەم دەست لەکار کێشانەوەیە، کەوتۆتە قۆناغێک کە تیایدا دوو ئاراستە لەبەرامبەر یەکتر وەستاونەتەوە: ١) هەوڵدان بۆ **کەمکردنەوەی جددیەتی قەوارە و مانا و کاریگەرییەکانی ئەم تەکان و زەمینلەرزەیە**، بەم مانایەش هەوڵدان بۆ کاڵکردنەوەی کاریگەری و مانا ئەرێنی و پۆزەتیڤەکانی ئەم دەست لە کار کێشانەوەیە. بەم واتایەش کارکردن لەسەر ئەوەی کە بە هەندێ قسە و بەیان دەرکردن و هەنگاوی زۆر سنوورداری "جوانکاری و نەرنەرمە" ئەم کاریسە و شکستە تێپەڕێنن، یا راستتر بڵێین پەردەپۆش بکەن؛ ٢) بەڵام ئاراستەی دووەم دەخوازێ جددیەتی ئەم تەکانە ببینێ و بۆ تێگەیشتنی خودی روداوەکە و لێکەوتەکانیشی، بە تایبەتی مەسەلەی هەڵسانەوە، بچێتە قوڵایی و بنج و بنەوانی کاریسەکە و هۆکارەکانی، وە دواتر بەکاربردنی ئەو ئاگایی و دەرنەجامانەی کە لەم وردبوونەوە و تێگەیشتنە، لە ریشە و بنج و بنەوانی کێشەکان، بەکار ببات لە "ئەندازیاریی" هەڵسانەوەی گۆڕان.

جگە لەم شێوە بینینە بۆ ئاراستەکانی دوای زەمینلەرزە، من پێم وابوو لە چرکەساتی ڕاگەیاندنی دەست لەکار کێشانەکەوەوە گۆڕان کاتی زۆری لەبەر دەستدا نییە بۆ ئەوەی بژاردەیەکی یەکلاکەرەوە هەڵبژێرێ، بەڵکو بە تەقدیری خۆم لە ماوەی هەفتەیەک تا ١٠ ڕۆژدا[3] هێماکانی سەرکەوتنی هەر یەکێک لە دوو ئاراستەکە دەردەکەوێ. بە پێی تێگەیشتنی خۆم هێماکانی باڵادەستیی ئاراستەی یەکەم، کە دەخوازێ بە هەندێ قسە و جوانکاری و "ڕتوش" ئەم قۆناغە سەختە تێپەڕێنێ بەمەش کارێک بکات کە ڕێگا لە دەرفەتی ڕاستەقینەی هەڵسانەوە بگرێ، دەرکەوتوون![4] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاراستەی دووەم، کە دەخوازێ بچێتە ڕەگ و ریشەکانی بەسەرهاتی هاتی گۆڕان و هەر لەوێشەوە دەست بۆ هەموو کێشەکان ببات، هەموو دەرگاکانی لەبەردەمدا دانەخراون!

لەبەر گرنگی ئەم ئاراستەیە (واتە ئاراستەی دووەم)، بە تایبەتی لەبەر متمانە و باوەڕی هەندێک لە گۆڕانخوازان کە بەندە دەتوانێ ڕۆڵێکی لەم ئاراستەیە، واتە لە پرۆسەی هەڵسانەوەی گۆڕاندا، هەبێت، لە خوارەوە وردتر دەرفەت و کێشەکەنای بەردەم ئەم ڕاستەیە شەن و کەو دەکەم.

## هەڵسانەوە: دەرفەت و پێشمەرجەکان

هەر وەک چۆن قەیرانی سیاسی دوو نیوەی هەیە، نیوەیەکیان بە واتای کێشە و تەنگ و چەڵەمە دێت، بەڵام نیوەکەی تریان دەرفەت بۆ چارەسەری کێشە و تەنگ و چەڵەمەکان. بە هەمان مانا و پێوەر، زەمینلەرزەی سیاسی دەکرێ هێما و دەربڕی بوونی کۆمەڵێ کێشەی گەورە بێت، بەڵام لەولاشەوە ئەم تەکان و زەمینلەرزە سیاسییە دەکرێ دەرفەتێکی دەگمەن و زێڕینیش بێت بۆ چارەسەریی ریشەیی کێشەکان و هەڵسانەوە لەو زەمینلەرزەیە، بە هێز و توانا و ئارستەی ڕاست و دروستەوە. ئەمە ڕێک ئەو حاڵەتەیە کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ١٠/١٠ گۆڕان خۆی تیایا بینیوەتەوە.

ئەگەر چی دەرفەتێکی ڕاستەقینە هەیە بۆ هەڵسانەوەی بزاڤی گۆڕان، بەڵام لە هەمان کاتتدا کۆمەڵێک ئاڵنگاری جددیش هەن کە هەر لە سەرەتادا دەبێ ببینرێن و هەڵسەنگاندنیان بۆ

---

[3] ئەم بۆچوونە لە کەناڵە تایبەتییەکانەوە گەیشتۆتە زۆر کەس و لایەنی پەیوەندیدار بە شکست و هەڵسانەوەی گۆڕان.
[4] هەڵبەتە دەبێ هەر زوو بڵێین کە یەکێک لە لێکەوتەکانی سەرکەوتنی ئەم ئاراستەیە ئەوە دەبێت کە خودی ئەو جوانییەی کە پێی دەڵێن "دەست لە کار کێشانەوە"، نەک هەر بێ مانا و کاڵ دەبێتەوە، بەڵکو تەنانەت ناشیرینیش دەبێت. . .

بکرێ. بەم واتایەش، بە قەدەر ئەوەی شانازییەکی مەزن چاوەڕێی ئەو کەسانە دەکات کە دەبن بە **ئەندازیاری** هەڵسانەوەی گۆڕان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بۆ ئەو هەڵسانەوەیە، هەر لە سەرەتای سەرەتادا پێویستی بە بوونی دیدێکی روون و هەندێک پێشمەرج هەیە، وە لە حاڵەتی نەبوونی ئەو پێشمەرجانە سیناریۆی لەدەستدانی دەرفەت و بچووکبوونەوەی زیاتر لە پێش گۆڕانەوەیە:

١) راستە دەست لەکار لێشانەوەی خانەی راپەڕاندن و رێکخەری گشتی زۆر ئەرێنی و پۆزەتیڤ بوو، بەڵام ئەگەر بە زویی ئەم دەست لەکار کێشانەوەیە نەکرێ بە هەوێن و سەرەتایەکی هەرە راستەقینە لە ئاراستەی پرۆژەی هەڵسانەوەی گۆڕاندا، ئەوا، هەر وەک پێشتریش وترا، ئەم دەست لەکار کێشانەوەیە کاڵدەبێتەوە و دەبێتە سەرەتایەکی گەوج، لەبری ئەوەی ببێتە سەرەتایەکی باش. من لە جێگای تر وتومە ئەگەر ئەو دەست لەکار کێشانەوەیە راست و راستەقینە بێت و هەر زووش نەچێتە دۆخی تەماوییبوون و ئیفلیجبوونەوە، ئەوا بێگومان دەبێتە ئەو هەنگاوەی کە هەر زوو ٢٥% پرۆسەی هەڵسانەوەی گۆڕانی ئەنجام داوە. . . کەواتە وەک پێشمەرج: هەرچی زوو بوو دەبوایە، یا ئێستاش زۆر پێویستە، ئەم هەنگاوی دەست لەکار کێشانەوەیە بکرێ بە هەنگاوێکی راست و راستەقیە و هەنگاوی دووەم بە دوای خۆیدا بهێنێ. دەکرێ ئەم هەنگاوی دووهەمەش، هەر وەک هەندێک لە گۆڕانخوازان داوای دەکەن، پلینۆمێکی بە پەلە بێ یا وەک هەندێک لە گۆڕانخوازان باس لە دەستنیشانکردنی "دەستەیەک" بۆ سەرپەرشتیکردن و راییکردنی کارەکان لە ماوەیەکی کاتی و راگوزەردا دەکەن، تا بەستی کۆنفرانسی نیشتمانی یا. . . هتد؛

٢) لە سەرەتای هەرە سەرەتادا پیمەرجێکی گرنگی هەڵسانەوە دەبێ ئەمە بێت: هیچ کەس و دەزگایەکی گۆڕان پیرۆز نیە کە دەستی بۆ نەبرێ، نابێ هیچ پرسیارێک، بە تایبەتی لە بواری بەرپرسییێتیدا لە شکستی گۆڕان، تابو و قەدەغە بێ بکرێ وە هیچ بابەتێک هەڵاوێردی نەکرێ، وەک بۆ نموونە پرسی "تەوریسی سیاسی'، خاوەندارییێتی گردەکە و جێماوە مادییەکانی دوای رەوانشاد نەوشیروان مستەفا، پرسی دەستور و شێوازی رێکخراوەیی گۆڕان و زۆر بابەتی دیکە؛

٣) دەبێ ئەم هەڵسانەوەیە هی ئەوانە بێت کە مەبەستیانە گۆڕان هەڵسێننەوە و سەرەتایەکی نوێ بۆ ئەم جولانەوەیە تۆمار بکەن. ئەم هەڵسانەوەیە دەبێ دوور بێت لە کاریگەری هەموو ئاراستە و حەز و کوتلەکانی ناو یەکێتی نیشتمانی، وە تەنانەت ئەوانەشی لە ماوەی دواییدا کێشەیان هەبووە لەگەڵ/یا راستتر لە ناو یەکێتی ببن بەشێک لە پرۆسەی

هەڵسانەوەی گۆڕان. نەک هەر ئەوە بەڵکو ئەوانەی مەبەستیان هەڵسانەوەی گۆڕانە دەبێ ئەو راستییەش لەبەر چاو بگرن کە شتێکی پێویست لەم ئاراستەیەدا بنبڕکردنی حاڵەتی "بوونی سێبەری قورسی یەکێتییە" بەسەر گۆڕانەوە، جا چ لە شێوەی یەکێتییەکانی دوێنێی ناو یەکێتی کە ئەمڕۆ لە ناو گۆڕانن، یا بە کاریگەری ئەو ئیرسە سەقەتەی جۆرێک لە کەلتوری سیاسی کە لە یەکێتییەوە هاتۆتە ناو گۆڕان، بە تایبەتیش ئیرسی تەکەتول و تەکەتولکاریی. ئەم ئیرسە رێک ئەو کرمەیە کە ناخەکان کلۆڵ دەکات و رێگا بەرەو ئاراستەی دروستییان لێ تاریک و بزر دەکات یا ئەو تێگەیشتنەی ناو یەکێتی کە دەخوازێ بڵێ "دوارۆژی گۆڕان تەنها گەڕانەوەیە بۆ ماڵە گەورەکە" واتە ئەوەی من پێم وتووە "قوتدانی گۆڕان لە لایەن یەکێتییەوە"؛

٤) پێویستە هەڵبژاردنەکانی ناوخۆی گۆڕان سەرلەنوێ ئەنجامبدرێنەوە، بەڵام کەی وە بە پێی چ خشتەیەکی کات، ئەمەیان پرسیارێکی دیکەیە؛

٥) پێویستە لە هەنگاوی هەرە سەرەتاییدا جەنگ (هەڵبەتە بە مانا هەرە مەدەنییەکەی، بە تایبەتیش لە گۆشە بینینی کەلتوری سیاسییەوە) دژی دیاردەی دزێوی تەکەتولکاری رابگەیەندرێت. ئەم دیاردەیە هەر لە سەرەتا زووەکانی دروستبوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە هۆکارێکی نەرێنی بووە بۆ کۆمەڵێک کێشەی جددی بۆ ئەو حزبە، لە راستیدا ئەم دیاردەیە تەنانەت رێگریش بووە لەوەی یەکێتی بە مانای وشە ببێ بە حزبێکی توکمە. ئەم دیاردە وێرانکارە لە ناو یەکێتییەوە هێنرا بۆ ناو گۆڕان، هەڵبەتە بە ناوی "سرووشتیبوونی دیاردەی گروپبەندی، بە حیساب وەک دیاردەیەکی تەندروست لە بوونی دینامیزمێکی دیمۆکراتیدا!" نەوەی راپەڕین (واتە ئەوانەی ساڵی ١٩٩١ یا چەند ساڵێک زووتر یا درەنگتر لە دایکبوون) یا تەنانەت ئەوانەی لە تەمەنێکی هەڵکشاوێشدان، بەڵام رۆژێک لە رۆژان بەشێک نەبوون لە یەکێتی، حەقیانە بڵێن جا ئێمە بۆچی و بە چ پێوەرێک باجی ئەو هەموو ململانێ و باڵباڵێن و تەکەتولانە بدەین کە لە راستیدا دەگەڕێنەوە زەمانی قاسمەڕەش، سەرگەڵ و بنگەلۆ و خڕەی ناوزەنگ و. . . هتد؛

دەبێ هەر زوو ئەو دروشمە بەرز بکرێتەوە کە لە ناو گۆڕاندا هیچ جۆرە تەکەتولکاریەک جێگای نابێتەوە: گۆڕان تەنها یەکە کوتلەیە، یەک دەستورر و فۆرمی رێکخراوەیی و دامەزراوەیی هەیە و. . . هتد. بەم مانایەش دەبێ لە دەستوری رێفۆرمکراوی گۆڕاندا بە

وردی پێناسەی تەکەتول، گروپبەندی و شێوازەکانی تەییارکردنی ئاراستە جیاکان پێناسە بکرێ و ناوەڕۆکی ئەم چەمکانە بە جوانی دیاریبکرێ؛

٦) پێویستە هەڵسانەوەی گۆڕان هەر وەک چۆن تەواو پرۆسەیەکی سەربەخۆ بێت لە کەریگەرییە نێگەتیڤەکانی دوو حزبی دەسەڵات (پارتی و یەکێتی): تۆ ناکرێ دڵت لای یەکێتی بێت و ئەندازیاری هەڵسانەوەی گۆڕانیش بیت، یا بەرک و بەرژەوەندیماددیت لای پارتی بێت و ئەندازیاری ئەو هەڵسانەوەیە بیت. هەر وەها دەبێ ئەم هەڵسانەوەیە لە ژێر کاریگەریی هیچ هێزێکی ئیقلیمی نەبێت. دواجار دەبێ کەرەسە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکەی ئەم هەڵسانەوەیەش تەنها ئەو دڵسۆز و خەمخۆرانە بن کە ئەمرۆ خۆیان بە ئەندام و لایەنگری گۆڕان دەزانن یا ئەوانەی لە دوێنییەکی دور یا نزیک لە ناو گۆڕان بوون دواتر بونیادنراو لەسەر هەڵوێستێکی دیاریکراو ئەمرۆ لە بزووتنەکەوە ناڕازین؛

٧) ناکرێ ناڕازییەکان تەنها بە "فەرمووکردن بۆ گەڕانەوە بۆ ناو گۆڕان" مامەڵە بکرێن، بەڵکو ئەو دەستەیەی کە هەڵسانەوەی گۆڕانی پی دەسپێردرێ دەبێ پرۆسەیەکی دایەلۆگی کراوە، داهێن و بەرهەمهێن دەست پی بکات وە لە پرۆسەیەکی ئەوهاشدا دەبێ گفتوگۆکردن لە دید و نەخشەڕێگا جیا جیاکان بێت بۆ دوارۆژی گۆڕان، وە هەر چوارچێوە و دیدگا جیاوازانە پێوەر بن لە پرۆسەکەدا نەک قسەی خۆش و جوانکاریی و. . . هتد؛

٧) بەبێ کشانەوە لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی لۆکاڵی پرۆسەی هەڵسانەوەی گۆڕان نەک هەر ئەستەمە، بەڵکو تەنانەت وەهمیشە!

٨) ساڵانێک پێش ئێستا وتوومە، تۆ ناکرێ لە گردی زەرگەتەوە بڵێی "هەولێر هی هەمووانە" بەڵام لەولاشەوە، بە ئاگا یا بێ ئاگایی، ئەوەت قەبوڵ کردبێ کە زۆر یا کەم هێزێکی لۆکاڵی بێت. کردنی هەولێر بە سەنگ و چەقی هەڵسانەوە و ململانێ، یاریدەرێکی گرنگ دەبێت بۆ هەڵسانەوەی گۆڕان.

## دەرەنجام

لە ئێستادا بزاڤی گۆڕان لە چرکەساتێکی یەکجار یەکلاکەرەوەدا گوزەر دەکات، کە تیایدا نەک هەر کاتژمێرێک بەڵکو هەر خولەکێکیش کاتێکی زۆرە. لەم راگوزەرەدا بڕیاری بوێر پێویستە، بەڵام بڕیارگەلێک کە **لەسەر بنەمای خوێندنەوە و ئاگایی پێوسیت بونیاد نرابێ.** ئەگەر چی لەم حاڵەتی سایکۆلۆژی راگوزەرەدا، بە تایبەتی بە کاریگەریی دەروونیی

شکست، هەست و نەست لە هەڵسوکەوتی گۆڕانخوازاندا حزورێکی بەرچاوی هەیە، بەڵام گرنگە ئەوە بزانرێ کە ئەگەر چی هەست و نەست کەرەسەیەکی گرنگە بۆ جۆش و خرۆشدان و تەنانەت هوشیارییەکی گشتیش روو لە حاڵەتی شکست، بەڵام ئەوەی لە جیهانی سیاسەتدا تەنها بە پاڵپشتی بە هەست و نەست هەڵسێتە سەر پێ، ئەوا دەکرێ بە خەسارەتێکی گەورەوە دانیشێتەوە!

قۆناغەکە، بۆ هەڵسانەوەی گۆڕان، ئەو پەڕی دڵسۆزی، خەمخۆری و ئاگایی پێویستە. هەر وەک لە هەندێ نووسراوی پێشوترمدا گوتومە، گۆڕان پێویستی بە دوو جۆر نەشتەرگەریی هەیە: یەکێکیان نەشتەرگەری لە رابردووی ئەو جولانەوەیەدا، ئەوەی دیکەشیان نەشتەرگەری لە هەنووکەی حاڵەتی سیاسیی و رێکخراوەیی بزاڤەکەدا.

لە راستیدا بەشی دوایی ئەم نووسراوەم کە لە هەشت خاڵدا کۆبۆتەوە، دەکرێ نەک هەر لە ژێر سەردێڕی دەرفەت و پێشمەرجدا بخوێنرێتەوە بەڵکو لەم هەشت خاڵەدا رەهەندی تریش جێگایان بۆتەوە، کە دەکرێت وەک بەشێک لە تێگەیشتنی گشتی لە حاڵەتەکە و "نەخشەڕێگای" هەڵسانەوە چاو لێ بکرێن.

سوید،

٢٠٢١/١٠/١٨